" فربوون گەنجینەیەکە، کە هیچ دزێک ناتوانێ لێت بدزێ"

*(پەندێکی چینی)*

لە فنلاندا خوێندن زۆر گرنگە. بە یارمەتی خوێندن ئاسانتر کار دەدۆزیتەوە. لەم ماڵپەڕانەدا زانیاری ئەوە بەدەست دەهێنیت کە، لە کوێ و چۆن دەتوانی لە فنلاندا بخوێنیت .

سیستمی خوێندنی فنلاندا دابەش دەبێت بەسەر خوێندنی سەرەکی (سەرەتایی و ناوەندی)، خوێندنی ئاستی دووهەم، خوێندنی ئاستی باڵا و خوێندنی گەورە ساڵان

**. "ئەگەر بۆ یەکساڵ بەرنامە دادەڕێژی، برنج بچێنە، ئەگەر بۆ دە ساڵ بەرنامە دادەڕێژی، دار بڕوێنە، ئەگەر بۆ هەموو تەمەنت بەرنامە دادەڕێژی، خەلك فێری خوێندن بکە ".**

**(پەندێکی چینی)**

سیستمی خوێندنی فنلاندی دابەش دەبێ بەسەر خوێندنی سەرەکی، خوێندنی پلەی ناوەڕاست، خوێندنی پلە باڵا و خوێندنی گەورەساڵان .

خوێندنی سەرەکی دەرگایەکە بۆ چوونە ناو خوێندنەکانی تر .خوێندنی پێش سەرەتایی

خوێندنی پێش سەرەتایی (Esiopetus) یەک ساڵ دەخایانێت. ئەم خوێندنە کاتێک منداڵەکە تەمەنی دەبێتە 6 ساڵان دەست پێدەکات. خوێندنی پێش سەرەتایی دەکرێت لە باخچەی منداڵاندا بێ، بەڵام دەشبێ لە قوتابخانەی سەرەتایی بێ. خوێندنی پێش سەرەتایی بە خۆڕاییە .

خوێندنی سەرەکی

ئەو منداڵانەی کە بە شێوەی هەمیشەیی لە فنلاندا دەژین، دەبێ بخوێنن. تەمەنی خوێندنی ئیجباری لەو ساڵەوە دەست پێدەکات کە منداڵەکە حەوت ساڵان تەواو دەکات و کۆتاییشی دێت کاتێک ڕێژەی وانەکانی خوێندنی سەرەکی (perusopetus ) بەتەواوی دەخوێندرێ یان دوای 10 ساڵ لە دەست پێکردنی خوێندنی ئیجباری .پۆلەکانی 1- 6 بریتین لە قۆناغی سەرەتایی و پۆلەکانی 7- 9 قوناغی ناوەندین .

ئەگەر دەتەوێ بەڵگەی تەواوکردنی خوێندنی سەرەکی بەدەست بهێنیت، ئەوا بۆ گەورەساڵانیش ئەو دەرفەتە هەیە. زانیاری زیاتر لە ئامادەیی گەورەساڵانەوە بەدەست دێت .

زانیاری سەبارەت بە خوێندنگا نێونەتەوەییەکان لە فنلاندا بەم زمانانەی خوارەوەیە :

ئینگلیزی

خوێندنی زیاتر "لە پۆلی دەهەم "

خوێندنێکی دڵخوازانەیە و دوای خوێندنی سەرەکیە وە ماوەی ساڵێک دەخایەنێت. مەبەست لێی بردنەسەرەوەی ئامادەیی خوێندکارە بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی .

کێ ڕێنوێنی دەدات؟

لە قوتابخانەکاندا ڕاوێژکارانی خویندن هەیە، کە لێیانەوە زانیاری سەبارەت بە خوێندنت لە قوتابخانەکەتدا بەدەست دەهێنیت. ئەوان سەبارەت بە خوێندنگاکانی تریش و چۆنیەتی داواکردنی خوێندن لێیاندا زانیاری دەدەن.

لەلاپەڕەکانی ماڵپەڕی Opintoluotsi دەتوانی زانیاری سەبارەت بەو شوێنانەوە بەدەست بهێنیت کە تێیاندا ڕێنوێنی خوێندن لە بارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا دەدرێت. دەشتوانیت ڕاستەوخۆ لە خوێندنگاکانەوە پرسیاری ئەو زانیاریانە بکەیت .

•

خوێندنی ئاستی ناوەڕاست دەتوانێت خوێندنی پیشەیی بێ. هەروەها دەشتوانێ ڕێگایەک بێ بەرەو خوێندنی پلەی باڵا . خوێندنی ئاستی ناوەڕاست بریتی ە لە ئامادەیی و خوێندنی پیشەیی. ئەم خوێندنە لەرێگەی پێشکەش کردنی فۆرمی داوای سەرتاسەریەوە لە بەهار و پاییزدا داوای بۆ دەکرێت. ئەگەر بەڵگەی تەواوکردنی خوێندنی سەرەکی فنلاندیت نەبێ، ئەوا پێویستیت بە فۆرمێکی داواکردنی جیاواز هەیە، کە ناوەکەی *Joustava valinta* .

کاتی داواکردن بۆ زۆرێک لە شوێنی خوێندنەکان بە زۆری زۆر پێش وەرزی خوێندنی تازە دەکرێت. دەبێ کاتیش بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەی زانینی زمان لەبەرچاو بگیرێ. لەوانەیە بۆ خوێندکارانی بێگانە کاتی داواکردنی جیاواز هەبێ. پێویستە زوو پێش وەخت پرسیاری داواکردنی شوێنی خوێندن بکەیت و کاتەکەی بۆ خۆت ڕوون بکەیتەوە !

کێ ڕێنوێنی دەدات؟

لە قوتابخانەکاندا ڕاوێژکارانی خویندن هەیە، کە لێیانەوە زانیاری سەبارەت بە خوێندنت لە قوتابخانەکەتدا بەدەست دەهێنیت. ئەوان سەبارەت بە خوێندنگاکانی تریش و چۆنیەتی داواکردنی خوێندن لێیاندا زانیاری دەدەن.

لەلاپەڕەکانی ماڵپەڕی Opintoluotsi دەتوانی زانیاری سەبارەت بەو شوێنانەوە بەدەست بهێنیت کە تێیاندا ڕێنوێنی خوێندن لە بارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا دەدرێت. دەشتوانیت ڕاستەوخۆ لە خوێندنگاکانەوە پرسیاری ئەو زانیاریانە بکەیت .

زانیاری زیاتر

ئامادەیی (دوا ناوەندی )

ئامادەیی ( Lukio ) بەگشتی سێ ساڵ دەخایەنێت. بۆ خوێندن لە ئامادەییدا پێویست بە بەڵگەی دەرچوون لە خوێندنی سەرەکی دەکات. دوای ئامادەیی، تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا (

( ylioppilastutkintoئەنجام دەدرێ. بەڵگەی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا یارمەتیت دەدات کە لە خوێندنگای باڵا وەربگیرێیت .

رێنوێنی خوێندن لەلایەن بەرێوەبەرایەتی پەروەردەوە بۆ دوای خوێندنی سەرەکی: زانیاریە سەبارەت بە ئامادەیی لە شوێنی *Lukiokoulutus*

گەورەساڵان دەتوانن خوێندنی ئامادەیی لە ئامادەیی گەورەساڵاندا تەواو بکەن .

خوێندنی پیشەیی ئاستی ناوەڕاست

خوێندنی پیشەیی ئاستی ناوەڕاست ( Toisen asteen ammatillinen koulutus )
http://koulut.tampere.fi/materiaalit/mai/koulutiella/ammatillkoulutus/ammatillinenkoulutus/ammatillinenkoulutus.htm به گشتی نزیکەی سێ ساڵ دەخایەنێ. بۆ کۆچبەران خوێندنی ئامادەیی سەرەکیی
بۆ فێربوونی پیشە ( ammatillliseen peruskoulutukseen valmistavaa koulutusta )
http://koulut.tampere.fi/materiaalit/mai/koulutiella/valmkoulutus/valmkoulutus/valmkoulutus.htm
رێکدەخرێت، کە رێگا بۆ وەرگرتنیان لە خوێندنی پیشەییدا ئاسان دەکاتەوە .

پێش دەست پێکردن بە خوێندنی پیشەیی دەرفەتی ئەوە هەیە کە هێشتا ساڵێکی زیادە لە" پۆلی دەهەم"ی قوتابخانەی سەرەتایی بخوێنیت .

زانیاری سەبارەت بە بەشە جۆراوجۆرەکانی پیشەکان لە خوێندنگاکاندا (Opintoluotsi)
http://www.opintoluotsi.fi/Oppilaitokset/
زانیاری سەبارەت بە پیشەی جۆراوجۆر (Työ – ja elinkeinoministeriö)
http://www.mol.fi/avo/avo.htm

دوای خوێندنی پیشەیی دەشکرێ درێژە بە خوێندن بدەیت بۆ نموونە لە خوێندنگای باڵای پیشەییدا یان لە لە خوێندنگای باڵادا. بۆ درێژەدان بە خوێندن شوێنەکان بە شێوەی ئۆتۆماتیک وەرت ناگرن، بەلکوو دەبێ لەوە پێشەوە داوای بکەیت. لە زۆر شوێن دەبێ لە تاقیکردنەوەی هەڵبژاردندا بەشداری بکەیت .پرسیاری زیاتر لە راوێژکاری خوێندنی خوێندنگاکەت بکە.

- 
- خوێندنی ئاستی باڵا دەتوانی خوێندن بێ لە خوێندگاکانی پیشەیی باڵا، لە زانکۆکان و خوێندنگا باڵاکان .

خوێندنگا پیشەییە باڵاکان

تەواوکردنی خوێندن لە خوێندنگا پیشەییە باڵاکان بەگشتی 3.5- 4.5 ساڵ دەخایەنێت. بۆ وەرگرتن لەم خوێندنەدا پێویستە خوێندکارەکە بەڵگەی تەواوکردنی ئامادەیی یان بەڵگەی خوێندنی ئاستی ناوەڕاستی پیشەیی هەبێ .زانیاری زیاتر لە ماڵپەری بەرێوەبەرایەتی پەروەردەو خوێندندا سەبارەت بە مەرجەکانی وەرگیران http://www.oph.fi/page.asp?path=1,441,3370,3382,4041,40160#P%C3%A4%C3%A4sy بەدەست دێت. خوێندنەکە لە رێگەی فۆرمی داوای سەرتاسەری خوێندنگا باڵا پیشەییەکانەوە داوا دەکرێت .

Opetushallituksen koulutusopas Opintoluotsi ( کۆمەڵێک لینکە بۆ خوێندنگا باڵا پیشەییەکانە بە گوێرەی بەشەکانی خوێندن )

زانکۆکان و خوێندنگا باڵاکان

لە زانکۆ و خوێندنگا باڵاکاندا دەتوانرێ خوێندنی باڵای خوارتر یان بەرزتر بخوێندرێت. لە ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و خوێندندا زانیاری سەبارەت بە کێ دەتوانێ داوای خوێندن لە زانکۆدا بکات http://www.oph.fi/page.asp?path=1;441;3370;3375;4751;4758 و چۆن بەدەست دێت. تەواو کردنی خوێندنی باڵاتر بە زۆری پێنج ساڵ یان زیاتر دەخایەنیت ) .

کۆمەڵێک لینکە بۆ زانکۆکان و خوێندنگا باڵاکانە بە گوێرەی بەشەکانی خوێندن

http://www.oph.fi/page.asp?path=1;441;3370;3375;4751;4758 Opetushallituksen koulutusopas Opintoluotsi

)

-
- لە خوێندنی گەورە ساڵاندا دەتوانیت وانەکانی خوێندنی پیشەیی بخوێنیت یان بۆ نموونە زمان و وانەی سەرگەرمی بخوێنیت. هەروەها دەشتوانیت بەیارمەتی ئینتەرنێت بخوێنیت. لە ماڵپەری Suomen virtuaaliyliopisto سەیری دەرفەتی خوێندن لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە بکە .

خوێندنێکە کە بە تایبەتی بۆ گەورەساڵان لەبەرچاو گیراوە. خوێندنی گەورەساڵان دەکرێ ئامانجەکەی وەرگرتنی بەڵگەی خوێندن بێ یان درێژە بە خوێندن بدا. هەروەها دەکرێ خوێندنی تەواوکەر بێ یان لە شێوەی خوێندنی سەرگەرمی بێ. هەروەها گەورەساڵان دەشتوانن لەو خوێندنانەدا بەشدار بن کە بۆ لاوان لەبەرچاو گیراوە .

خوێندنی گەورەساڵان بەزۆری لە ئێوارانداا رێکدەخرێت. لە زۆر حاڵەتدا خوێندن دەتوانرێ بە شێوەی خوێندن لە دوورەوە بێ بۆ نموونە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە .

لە ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و خوێندنەوە ڕێنوێنی بۆ خوێندنی گەورە ساڵان هەیە، کە لەو ڕێگایەوە زانیاری سەبارەت بە خوێندنی گەورەساڵان بۆ کۆچبەران http://www.oph.fi/koulutusoppaat/Aikuiskoulutusopas.pdf بەدەست دەهێنیت .

ئەوانەی کە هات وچۆی دائیرەی کار دەکەن دەتوانن لە ڕێگای دائیرەی کاریشەوە کۆرس بخوێنن .خوێندن لە ڕێگای دائیرەی کارەوە بۆ خوێندکار بە خۆڕاییە. خوێندنەکە بە پلەی سەرەکی پیشەییە، بە م دەشکرێ بۆ نموونە خوێندنی زمانی فنلاندی بێ. پرسیاری زیاتر لە دائیرەی کاری خۆت http://www.mol.fi/mol/fi/tyovoimatoimistot.jsp بکە .

زانیاری لەسەر ئەو خوێندناندی کە لە ڕێگای دائیرەی کارەوە دەتوانرێ داوا بکرێ http://www.mol.fi/koulutukset/?locale=fi_FI هەر ئێستا داوا بکە .

-

لە لاپەڕەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و خوێندندا دیاگرامی زانیاری گشتی سەبارەت بە سیستمی خوێندن لە فنلاندا هەیە. لەو پەڕانەدا زانیاری بەم زمانانەی خوارەوە بەدەست دێت :

لە ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و خوێندندا دیاگرامی زانیاری گشتی سەبارەت بە سیستمی خوێندن لە فنلاندا هەیە. لە ماڵپەڕەکەدا زانیاری بەم زمانانە بەدەست دێت :

فنلاندی
سویدی
ئینگلیزی

له ماڵپەڕی http://koulut.tampere.fi/materiaalit/mai/ دەتوانیت زانیاری سەبارەت بە سیستمی خوێندن لە فنلاندا بەدەست بهێنیت. نووسینەکان بە زمانێکی ئاسانن و لەوێیشدا فەرهەنگۆکی تێدایە .

لە ماڵپەڕی Virtual Finland زانیاری سەبارەت بە خوێندن لە فنلاندا بەم زمانانەی خوارەوە بەدەست دەکەوێت :

ئینگلیـــــــــــــــــــــــزی
ئــــــــــــــــەڵمـــــــــــــــــانی
ڕووســـــــــــــــــــــــــــــی
ئیسپانی

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە خوێندن لەفنلاندا :

Opintoluotsi http://www.opintoluotsi.fi/
Expat Finland http://expat-finland.com/living_in_finland/education.html

ئایا دەتەوێ بە زمانی ئینگلیزی بخوێنی؟ لە ماڵپەڕی Opintoluotsi http://opintoluotsi.fi/en-GB/Studies_in_English/ زانیاری سەبارەت بەو شوێنانە هەیە کە ئەو دەرفەتەی تێدایە. لە ماڵپەڕی CIMO ی Discover Finland زەخیرەی زانیاری "International Study Programmes" http://finland.cimo.fi/studying/international_study_programmes.html هەیە کە لەوێوە دەتوانیت ڕاستەوخۆ زانیاری سەبارەت بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە خوێندنگا باڵاکان و خوێندنگا باڵا پیشەییەکان بەدەست بهێنیت .

لە کوێ بخوێنم؟

ئەگەر خوێندنی ئامادەییت تەواو کردوە و بەڵگەت هەبێ یان بەڵگەیەکی خوێندنی گونجاوی تر هەبێ، ئەوا دەتوانیت لە خوێندنگای پیشەیی باڵادا بخوێنیت. ئەگەر دەتەوێت لە زانکۆدا بخوێنیت ئەوا پێویستت بە بەڵگەی دەرچوونی ئامادەیی یان بەڵگەیەکی خوێندنی گونجاوی تر هەیە .

ئەگەر خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیت (سەرەکی) تەواو کردوە، دەتوانیت لە خوێندنگا پیشەییەکاندا بخوێنیت .

لە Opintoluotsi زانیاری زۆر تێدایە سەبارەت بە دەرفەتەکانی خوێندن ، بەشەکانی خوێندن http://www.opintoluotsi.fi/koulutusalat_ja_ammatit/ و خوێندنگاکان . thttp://www.opintoluotsi.fi/fi-fi/oppilaitokse /

ئایا دەتەوێ بە زمانی ئینگلیزی بخوێنی؟ لە ماڵپەڕی Opintoluotsi زانیاری سەبارەت بەو شوێنانە هەیە کە ئەم دەرفەتەی تێدا هەیە .

ئایا دەتەوێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی) سەرەکی) بخوێنی؟

خوێندنی پێش سەرەتایی (Esiopetus) یەک ساڵ دەخایانێت. ئەم خوێندنە کاتێک منداڵەکە تەمەنی دەبێتە 6 ساڵان دەست پێدەکات. خوێندنی پێش سەرەتایی دەکرێت لە باخچەی منداڵاندا بێ، بەڵام دەشبێ لە قوتابخانەی سەرەتایی بێ. خوێندنی پێش سەرەتایی بە خۆڕاییە .

خوێندنی سەرەکی

ئەو منداڵانەی کە بە شێوەی هەمیشەیی لە فنلاندا دەژین، دەبێ بخوێنن. تەمەنی خوێندنی ئیجباری لەو ساڵەوە دەست پێدەکات کە منداڵەکە حەوت ساڵان تەواو دەکات و کۆتاییشی دێت کاتێک ڕێژەی وانەکانی خوێندنی سەرەکی (perusopetus ) بەتەواوی دەخوێندرێ یان دوای 10 ساڵ لە دەست پێکردنی خوێندنی ئیجباری .پۆلەکانی 1- 6 بریتین لە قۆناغی سەرەتایی و پۆلەکانی 7- 9 قوناغی ناوەندین .

ئەگەر دەتەوێ بەڵگەی تەواوکردنی خوێندنی سەرەکی بەدەست بهێنیت، ئەوا بۆ گەورەساڵانیش ئەو دەرفەتە هەیە. زانیاری زیاتر لە ئامادەیی گەورەساڵانەوە بەدەست دێت .

زانیاری سەبارەت بە خوێندنگا نێونەتەوەییەکان لە فنلاندا بەم زمانانەی خوارەوەیە :

ئینگلیزی

خوێندنی زیاتر "لە پۆلی دەهەم "

خوێندنێکی دڵخوازانەیە و دوای خوێندنی سەرەکیە وە ماوەی ساڵێک دەخایەنێت. مەبەست لێی بردنەسەرەوەی ئامادەیی خوێندکارە بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی .

کێ ڕێنوێنی دەدات؟

لە قوتابخانەکاندا ڕاوێژکارانی خویندن هەیە، کە لێیانەوە زانیاری سەبارەت بە خوێندنت لە قوتابخانەکەتدا بەدەست دەهێنیت. ئەوان سەبارەت بە خوێندنگاکانی تریش و چۆنیەتی داواکردنی خوێندن لێیاندا زانیاری دەدەن.

لەلاپەڕەکانی ماڵپەڕی Opintoluotsi دەتوانی زانیاری سەبارەت بەو شوێنانەوە بەدەست بهێنیت کە تێیاندا ڕێنوێنی خوێندن لە بارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا دەدرێت. دەشتوانیت ڕاستەوخۆ لە خوێندنگاکانەوە پرسیاری ئەو زانیاریانە بکەیت .

یارمەتی بۆ هەڵبژاردنی پیشە

ئەگەر نازانی دەتەوێ چی بخوێنی، لە دائیرەی کارەوە یارمەتیت دەدەن. کات بۆ لای ڕاوێژکاری هەڵبژاردنی پیشە بگرە .

زانیاری سەبارەت بە خزمەتگوزاری ڕێنوێنی هەڵبژاردنی پیشە - و نەخشەدانان بۆ کار لە دائیرەی کاردا
زانیاری سەبارەت بە نەخشەدانان بۆ کارکردن
زانیاری سەبارەت بە پیشە و خوێندنی جۆراوجۆر
بەرنامەی هەڵبژادنی پیشە

له ماڵپەڕی Virtuopo و Urapolku قسەوباسی کۆچبەران سەبارەت بە ئەزمونەکانیان لە هەڵبژاردنی پیشە و داواکردنی کاریان دەخوێنیتەوە .

## پارەی خوێندن لە کوێوە بەدەست دێت؟

هاووڵاتی بێگانە دەتوانێ یارمەتی خوێندن وەربگرێ، ئەگەر ئەو بە شێوەی هەمیشەیی لە فنلاندا بژی و هۆی ئیقامەکەی شتێکی تر بێت کە جیاوازبێت لە خوێندن. خوێندنەکە دەبێ لە فنلاندا بێت و لانی کەم هەشت هەفتە بخایەنێت. دەبێ خوێندنەکە چالاکی سەرەکی کەسەکە بێت .

خوێندنی پیشەیی کاتێک وەک چالاکی سەرەکی چاوی لێ دەکرێت کە خوێندنەکە لە هەفتەیەکدا لانی کەم 25 سەعات بێت. خوێندنی ئامادەیی وەک چالاکی سەرەکی چاوی لێ دەکرێت کاتێک کۆی کۆرسەکانی لانی کەم 75 کۆرس بێت. خوێندن لە خوێندنگای باڵا وەک چالاکی سەرەکی چاوی لێ دەکرێت ئەگەر لە کۆتایی خوێندنەکەدا بەڵگەی کۆتایی هێنان بدرێ یان کۆی وانەکانی خوێندن بەشێوەیەکی ناوەنجی لانی کەم پێنج خاڵی خوێندنە بۆ هەر مانگێکی خوێندن .

خوێندنی گەورەساڵان چالاکیەکی لاوەکیە، یارمەتی خوێندنی بۆ نادرێ .

بێکاران دەتوانن لە ئامادەیی گەورەساڵاندا بخوێنن بەبێ ئەوەی پارەی بێکاریەکەی لەدەست بدات. کۆچبەرانێک کە لەژێر سایەی بەرنامەی جێگیربووندان، کاتێک لە ئامادەیی گەورەساڵاندا بخوێنن، دەتوانن یارمەتی جێگیربوون وەرگرن، و دائیرەی کار دەتوانێ خوێندنی ئامادەیی گەورەساڵان هاوشانی بەرنامەی خۆی بکات .

زانیاری زیاتر سەبارەت بە خوێندن لە کێلاوە ، Opintoluotsi یان لە خوێندنگاکانەوە بەدەست دێت .
لە ماڵپەڕی کێلادا هەروەها زانیاری سەبارەت بە یارمەتی خوێندنی خوێندکارانی بێگانە بەدەست دێت .

لە کاتی خوێندنی وابەستە بە دائیرەی کار دا کۆچبەر دەتوانێ یارمەتی جێگیربوون، پارەی بێکاری یان یارمەتی خوێندن وەربگرێ .

لەسەر ئەم بابەتە پرسیاری زیاتر لە دائیرەی کار و کێلا بکە. زانیاری زیاتریش لە ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتی کار دا بەدەست دێت .

-

### زانیاری سەبارەت بە کەلك وەرگرتن لە فنلاندا لە بەڵگەی خوێندنێك کە لە دەرەوەی وڵات بەدەست هاتوە

دەتوانیت لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردنەوە (opetushallitus) داوای تەعدیلی (rinnastamista) http://www.oph.fi/page.asp?path=1,438,2280,14945 بەڵگەی خوێندنەکەت بکەیت، ئەگەر ئەو خوێندنی باڵایەت لە دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا (EU) و یەکێتی ئابووری ئەوروپا (ETA) تەواو کردوە. ئەگەر خوێندنەکەت لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و یەکێتی

ئابووری ئەورووپا تەواو کردوە، دەتوانیت داوای پەسەند کردنی (tunnustamista ) بکەیت.
تەعدیل و پەسەند کردنی بەڵگەی خوێندن بە پارەیە .

زانیاری زیاتر :Opintoluotsi

-87d6-910036122484.aspx http://www.opintoluotsi.fi/Page/0efbe514-366a-491e

ئەگەر دەتەوێت درێژە بە خوێندن لە فنلاندا بدەیت، بەبوونی بەڵگەی خوێندنی بێگانە دەکرێت بە تەواوی وانە سەرەکیەکان یان بەشێکیان نەخوێنیت. لەم بارەوە خوێندنگاکە خۆی بریاری لەسەر دەدات، ئیتر پێویست بە تەعدیل یان پەسەندکردنی بەڵگەکەت ناکات. لە خوێندنگاکە پرسیاری زیاتر بکە .

لە فنلاندابۆ هەندێ پیشە ، بۆ نموونە لە بەشی خزمەتگوزاری تەندروستیدا پێش ئەوەی دەست بەکار بکەیت پێویستیت بە بەدەستهێنانی مافی کارکردن لە پیشەکەدا هەیە .لە ماڵپەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و خوێندندا (Opetushallitus ) زانیاری سەبارەت بەم پیشانە و هەروەها ئەو شوێنانەی کە مافی کارکردن لە پیشەکەی لێ داوا دەکەیت، دەست دەکەوێت. یاساکان لەم پەیوەندەدا جیاوازن و پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئایا تۆ هاووڵاتی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا یان وڵاتانی یەکێتی ئابووری ئەورووپاییت یان نا .

زانیاری زیاتر لەلایەن ئەو شوێنانەوە بەدەست دێت کە بریاری مافی کارکردن لە بەشە جۆراوجۆرەکانی پیشەکان دەدەن. زانیاری پەیوەندی گرتن بەهەمان شێوە لە ماڵپەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و خوێندنەوە بەدەست دێت .

لە فنلاندا کارکردن لە پیشەی بەشی تەندروستیدا

مەڵبەندی تەئمینی مافی کاروباری تەندروستی ( Terveydenhuollon oikeusturvakeskus )

ئایا تۆ لە وڵاتێکی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا خوێندنی بەشی تەندروستیت خوێندوە و دەتەوێت لە فنلاندا کار بکەیت؟ زانیاری لەسەر بابەتەکە بەم زمانانەی خوارەوە :
فنلاندی
سویدی
ئینگلیزی

ئایا تۆ لە دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا خوێندنی بەشی تەندروستیت خوێندوە و دەتەوێت لە فنلاندا کار بکەیت؟ زانیاری لەسەر بابەتەکە بەم زمانانەی خوارەوە :
فنلاندی
سویدی
ئینگلیزی http://www.teo.fi/EN/Licence_to_practice/Sivut/etusivu.aspx

ئایا تۆ لە دەرەوەی یەکێتی ئەورووپادا پزیشکیت خوێندوە و دەتەوێت لە فنلاندا کار بکەیت؟ زانیاری لەسەر بابەتەکە بەم زمانانەی خوارەوە :

فنلانـــــــــــدی

ســـــــــــویدی

ئینگلیزی http://www.teo.fi/EN/Licence_to_practice/Sivut/etusivu.aspx

ئایا دەتەوێت زمانی فنلاندی بخوێنیت؟ t
یاسای یەکسانی (Yhdenvertaisuuslaki) هەڵاواردن لە کاتی وەرگرتن بۆ کار و بۆ خوێندن قەدەغە دەکات .
زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکە لە ماڵپەڕی yhdenvertaisuus.fi و seis.fi .

لەماڵپەڕی وەزارەتی کشور نامیلکەی رێنوێنی "ژیان لەفنلاندا" هەیە، کە تێیدا زانیاری بۆ کۆچبەران سەبارەت بە جێنشینی، خوێندن و تەئمینە کۆمەڵایەتیەکانی بەم زمانانەی خوارەوەی تێدایە :